# هەگبەی وشەی فەرهەنگی



**پاشەکشە** **إنسحاب** With draw

ئەم وشەیە لە تاکتیکی سەربازیدا بەکاردێت، بە هەر مەبەستێك بێت کاتێك هێز و سوپا لە شەڕەکە دەکشێنەوە دەڵێن (هێزەکە پاشەکشەی کرد)، یان کاتێك کەسێك یان لایەنێك لە هەڵبژاردنێك پەشیمان دەبێتەوە و پاشەکشە دەکات. لە کوردەواریدا لە شەڕە کەڵەباب یان شەڕە گا یەکێك دەبەزێت (دەدۆڕێت) پشتاو پشت دەڕوات، تا دەرفەتی هەڵاتنی دەست دەکەوێت، بەمەش دەڵێن:

"پاشەکشەی کرد و قوچاندنی".